# دەقی ئەنفال وحوجرەی کچان

کەریم کاکە

ئایین پێکی خەستە خستمە سەر لێو
قورسایی تەمەنێ کەوتە سەر چاوم....
شووشە لە کچ و
کچ لە شووشە رووتتر بۆوە
سینە سینی مێوەیە لە سەر مێز
حەقایەتی سێوم لە قژەوە خوێندەوە
چ بزانم!..
بەهەشت و دۆزەخ وا بە سینەی کچەوە
هەنارەو ئاگراوی
بەدمەستم لە مژینی گڕی سەوزو
گوشینی دنکە پشکۆی سوور
هەنارەو دنک..دنک پەیڤی ئاوی
دنک..دنک کەپسوولی هەوەس
دنک..دنک ددانە برنجییەکانی خوداوەند
''''''''''

هێشتا ئەنفال پەیڤی جنجری بوو
خیانەتی تازە
دوا دڵۆپە بۆنی تازەی سێوی لێ دەچۆڕا..
عەتزی جوانیم و ڕژامە سەر قژی ئاگایی
ئەوەتا دەستێ..ئاوی عیشق و
دەستێ.. ئاگری عیشق
لە ژوانی شەڕەوە بۆ ژوانی شەڕ
بە تۆزی ماچە خۆڵە مێشینیەکان
تەڕابی دێنمەوە سەر لێوان
''''''''''''

جەنەڕالی سارانشین

سارای سینگی خۆی دایە بەر زەرگ و

سێوانە شەقشەقی کرد

لەو ڕۆژەوە بەردی ڕەش لەوێ غەزری

''''''''

هزر.. چەمانەوەی گۆچان و

بە دوای مێیینەی بار لە بەرد

زمانحالی قەفە ژەنگنەکانی دیرۆکەو

ڕەوتە ساتمەگرەکان گولاوپژێن دەکا

''''''''''

مانگی لەچک

سووڕی بێنوێژیەو وەرسووڕاوە

قژە ئایەتیەکانی ئەنفال،

دەسرۆکەی زەردی شۆڕشن

بە دەستی خیانەتی ڕوو سوورەوە

''''''''

سەمای بەر ئاوێنەی

ناسکە ژنانی ڕۆژهەڵاتیە

بیناییمان دەشەکێنێتەوە

ڕووگە وێنەی کچانی ڕۆژاوایی

تەنێ ستیان و مایۆ

بە دەستەکەی دیکەی سەفەری نابیناوە

جانتایەکی ڕەشی دبلۆماسی..

ئاوڕدانەوەی بێ بەهانەی نوێژەکان

پێش من دەگەنە ترانزێت و

نیگای بەتاڵبوونەوە دەگۆڕنەوە

''''''''''''''''

سەفەر.. پڕپڕ لە دوعای

ئەو ساڵە بە ساڵچووانەی خۆ کچدەکەنەوە

کلاوی پۆلیس سەرڕێژە

لەو ماچانەی لێوی بەرتیل دەپشکوێنن
چاوم پڕپڕ لەو کچانەی
بەدەم سەفەرەوە مەمکدەکەن و
ئەو پۆلیسە بەبەردبووانەی
لە سەر کاتژمێری زەمەن ئێشکدەگرن
پڕە لەو سەفەرانەی لە پێلاوەکانی منەوە
فێری بە ماڵنەکەوتنەوە بوو...
''''''''''''
ئەنفال پەیڤی جنجری
بیابان رۆژنامەیەو زمانحالی مەرگ
هەواڵە مرواریەکانی دەریاو
هەواڵە تاوێرییەکانی چیا
بە خەتی خۆڵەپۆکی دەنووستەوەو
سەراب بۆ ئاسمانی دەخوێنێتەوە...
چەند بەژنژنانیو
چەند نیگا نوورانییە ئەو مەرگە
بارانەو..
گوڵاوی چاوی خوداوەند دادەکا
بایەو...
بۆنی جوانیی لە دەستە، مەرگ
''''''''
ئەنفال مانشێتی ماچپژێنە
زێدی من اە مێژە
سێوەکانی پێگەیشتوون و
لیمۆکانی زەرد..زەرد
زێدی من لە بێنازی
دەچتەوە ئاوێنەی بەفرو نازیدەکا
هەناسەی کچانەی بدینن!
ناوبڕەی رۆژو شەو تێیدا تەنکە هەڵمە
چاو لە چیا دەکا

**چاو لە چاوی غەیب دادەگرێ**

**بە کراسی لە روو تەنکتریشەهوەتەوە**

**چەوەرێی بۆیەی باو گوڵاوی بارانە**

**چۆوە سرووشت..مێیاتی خۆی رادەخست**

''''''''''

**ئەنغال هێشتا پەیڤی جنجری**

**لە چاومان خێوەتی خیانەت هەڵدرا**

**مەمکی ژن شیریان تێنەگەڕاوە**

**مەتارەی ئاون و بە سەر لێوانەوە**

**سمتی ژن ناو لەپ متووی نەکردوون**

**دەفی دەستی دەروێشی چلکەزین و**

**پێلوومان دەخەنە حالی حاڵەوە**

''''''''

**لە حەمامی ژنانەوە هەواڵی کەفاوی:**

**« پیاوانی چاو لە دەری ئێمە**

**بەفری حەفتا رێی خیانەت دەشکێنن**

**لە ژوانی ساردوسڕی بێ چرپەدا**

**وێنەی حۆری لە چوارچێوەی خەیاڵ دەگرن**

**ماندوێتیان شەرابەو شەو درەنگان...»**

''''''''''''

**ئەنفال پەیڤی رەنگ جنجری**

**سێبەرە خاڵخاڵییەکەیان**

**لەسەر پێستی مامز دیبوو**

**دیبوویان دی**

**لە گەرمیی خۆڵەپۆکی سارا کڕ دەکەوت**

**لەوێ مێروولەیەک-کتومت-ئیجاد بوو**

**بەدەوری خۆیدا نەخشەی شەڕو فڕینی دەکێشا**

**زێدیمن لەمێژە بە ئامێزێ نیرگزەوە**

**ژنانە لە پێشوازی غەزەبی فڕین وەستاوە**

''''''''''

ئەنفال کۆتری پەڕوبال بەفراوییە

لە زێدی من هێلانە چێدەکا

لە پاوانی دۆزەخەوە

ڕووشی خۆشەویستی دەکێشێ..

ئێمە لە پێخەفی ڕووشینی گوێسوانەی ئاگرەوە

نەدیدکانە دەم دەخەینە دەمی یەکدیەوەو

ئاوی خۆشەویستی دەگۆڕینەوە

''''''

پێش گڕبوونی دەنگی ئەنفال

من و دارستان لە قوڕگی وەرزەکانەوە

جریوەمان نەبیستبوو!!

تا ئەنفال پەڕو باڵی نەدابوو

زێدی من رووت..رووت

وەک دارستانی قژ پایزی!!

تا ئەنفال بە دندووکە شەهوانییەکەی

مووی حەیای چینە نەکرد

دوای جووتبوون جگەرەی چێژمان

بە گۆی مەمکەوە نەدەمژی؟!!

''''''''

لە کۆڵانە پەنجە لە گۆکەوتووەکانی سرووشت

گەرمایی بووین و بە گژ بەفردا دەچووین

لەبەر ماچی بارینا دەخچاین.. ئێمەی زارۆ

کێ ئێمەی خستە بەر حوجرەی ئەنفال؟

چەند قورسە ئەزبەرکردنی

ناوی ئەو هەموو بارین و ئاگرە

خۆ پەنجەی لە بەفر نەرمتری ئێمە

تەنێ تەزینی بەفرو

گەرمایی ئاگردانەکەی زەردەشت

خوێن حنجەی دەکردن

یەک ئاگرو بارینمان بەس بوو..بەس

**''''''''**

**دەقێکیئاگرینی لە ئاو ئاوترە ئەنفال**

**منداڵێکی چەند سوورتکە**

**زێدی سەر قژنی من**

**تەسبێحی واتا لە دەستان دەپچڕێنێ**

**و**

**ا**

**ت**

**ا**

**بەنی چیا خۆڵەمێشەو بەسەر مەرگدا رژاوە**

**ئەنفال دوا حەقیقەتە**

**شانی بەسەر مەرگا داوەو**

**سەری لەسەر بەردی رەش**

**لە تەلەفۆنی باوە**

**((فشەلێلۆ)) دەچڕێ**